لـه یادی هـه ڵبژاردنـی یـه کـه م پـه رلـه مان و حکومـه تـی هـه رێمی کوردستان لـه باشوور ..

## بۆ يادي كۆساري هونەرمەندمان لەياد بضص؟ ... ساسان دەرويش




لـه دوای کۆتای هێنانـی جـه نگی جیهانـی دووه م و لـه ت وپـه ت کردنـی کوردستانـی گـه وره وڕوو بـه ڕووبوونـه وه ی گـه ل وخـاکـه کـه ی لـه گـه ڵ گۆڕانکاریـه کانـی جیهان و بـه رپاکردنـی خـه باتـی سیاسی و ڕۆشنبیری و دینی زۆر لـه ڕۆڵـه کانمان کرده قوربانـی گوڵـی سـه ربـه ستی و سـه ربـه خۆی، لـه گـه ڵ ئـه م هـه موو کوشتاروماڵ وێرانـی و دە ریایـه ك خوێن وخـه بات، دروست بوونـی پـه رلـه مانێکی کوردستانـی بۆ تـه واوی نـه تـه وه ی کورد خـه ونێکی لـه مێژینـه ی گـه وره و بچوکی ئـه و نـه تـه وه ژێر ده ستـه یـه بوو بێتـه دی و گـه لـی کورد لـه سایـه ی دا لـه ژێر تر س وئازارو ئـه شکـه نجـه ڕزگاری بێ و بـه چاوی میوان لـه بـه شـه لـه ت وپـه ت کراوه کانـی خاکی



كوردستانداسه یر نه کرێن، ئه م خه وه ش دوای ئه و مێژووه خوێناویه ی خه باتی خۆڕاگری کوردو گۆڕینی ڕژێمه یه ك له دوایه که کانی له به شێکی داله باشوری کوردستان هاته دی،هێشتا ته م و پاشماوه ی ڕژێمێکی دیکتاتۆری به له ش ڕووخاو به سیما چاو له کوردستان مابوو، شه ڕی ده سته ڵات وپاره وناوچه گه ری یه خه ی ئه و میلله ته ی گرت که ده ستیان کردبوو به مه ره که بی هه ڵبژاردنداو په رله مان و حکومه تیان هه ڵبژاردبوو، له گه ڵ خۆیاندادوو ئیداره ودوو ڕه نگیان کرده دروشمی به رژه وه ندیه کانیان، کۆ مه ڵێك ئاوات و خۆزگه و خونچه ی نه پشکوتویان له به هارێکی ئازادی دا هه ڵ وه راند له باتی بنیات نانه وه ی کوردستان وسڕینه وه ی ئاسه واری دوژمنکارانه ی به عس، ئه وه ی من لێره دا مه به ستمه به هارێك دوای هه ڵبژاردنی په رله مانی کوردستانه20 / 5 / 1993 هونه ر مه ندێکی به ته مه ن منداڵ وبه بیر کردنه وه وخز مه ت کردنی گه له سته م دیده که ی گه وره، نه ی توانی جێگای خۆی بکاته وه له و به ر به ره کانی ودووڕه نگه ی که به به ری کوردابڕا له باتی ڕه نگه کانی ئالاّی کوردستان. کۆسار ی هو نه ر مه ند خۆی به ده ستی خۆی په نجه وفلْچه وکه ره سته ی په یکه ر تاشیه که ی له خوێن گه وزاند، چونکه هیچ که س نه ی توانی په ره به کاره کانی بێنێ دوای ئه و هه موو به ر هه مه ی که به ئه نجامی گه یاند، به ڵکو دژایه تی کاره کانی کراله جیاتی پاداشت وده ست خۆشی وبه ره وپێش چوونی هونه ره که ی و ده ست گیرۆده کردنی له داهێنانی هونه رێکی ڕاسته قینه ی کوردا نه که خۆی ئاره زوو مه ندی بوو.

به ر له وه ی زریانی براکوژی هه ڵبکات، له دوای ڕاپه ڕینی خه ڵکی کوردستان له ساڵی 1991، که ده چویته سه ردانی سلێمانی هه ر له ده روازه ی شاره وه چه ند شاکارێکی په یکه رتاشی سه رنجی ڕاده کێشای له دووڕیانی هه وارگه ی سه رچنار دا، پێنج ئه سپی ی سپی یه ك ڕه نگ، وه ك هاواری کاره ساتێکی سه خت بگه یه نن، ڕوویان له ئاسمان بڕ یبوو، ڕێبواران به شانازی یه وه به یه کدی یان ده ووت، ئه و پێنج ئه سپه ڕه مزی پێنج هه زار شه هیده نه مره که ی هه ڵه بجه ن، به رزتر له و ئه سپانه، وێنه یه کی له برۆنز داتاشراوی ڕه مزی مێژووی کورد بارزانی نه مر ده روازه ی شاری ڕازاند بۆ وه هه ر له و گۆڕه پانه داپه یکه ری پێشمه ر گه یه کی شۆ ڕ شی ئه یلول به شکۆ وه له سه ر به رزاییی که وه وه ك نۆ به دار ی شه وانه خه وی شار بکات له ئاسۆی دوور ی ده ڕوانی، ئه گه ر به نێو خیابان وگۆڕه پان وچوار ڕیانه کانی شاردا گوزه رت کرد با، چه ند دیمه نێکی دیکه ی شه نگت ده بینی .

ئه وانه به ر هه می ده ست وپه نجه ودڵ و بیری لاوێکی تازه هه ڵکه وتوی هێمن و به هره وه ری شاره شه هیده که ی هه ڵه بجه و قوتا بیه کی پڕ ئو مێدی په یمانگای هونه ره جوانه کانی سلێمانی بوو .

12 ساڵ له مه وبه ر ئه ولاوه هێمن وپڕ ئومێده به ده ستی خۆی گوڵی ته مه نی خۆی هه ڵوه راند وکۆتایی به ژیانی هێنا، گه رده لوولی براکوژی ورِق وشه ڕه نگێڕی هه موو ئه و په یکه ره دڵگیر وشاکاره شه نگه ی هه ڵوه راند وسڕ یینه وه، چونکه خاوه نه که ی ڕێبوارێکی دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی نه مر بوو .

ئه و هونه ر مه ند ه جوانه مه رگه کۆسار ئه حمه دغولاّم بوو که 12 ساڵ له مه و به رله به ر شالاّوی نه داری وئازاره سه خته کانی ده روون ودڕنده یی ژیان، مردنی به ئارام تر وشیرین تر زانی و به هێمنی بڕیاری خۆی داو ماڵ ئاوایی لێ کردین، ژیانی کۆسار ی جوانه مه رگ له وه

کورت تر بووکه کاره سات وتۆمار ی چرِوپرِی تێدابێت ته نهاژیانی له سێ هه لّویستدا کۆبۆ وه، هونه ر وپارتی په روه ری وخۆکو شتن، کۆسار ده فته ری سینه ی نهێنیه کانی خۆی له گه لّ دواهه ناسه کانیدابر ده ژێر خاك و ته نها و ته نهاهونه رو پرسیارێکی بێ وه لّامی به جێ هێشت .
کۆساری جوانه مه رگ ناوی ته واوی کۆسار ئه حمه د غولّامه، له سالّی **1970** وله گه لّ پر شنگی سه رکه وتنی شۆرشی ئه یلوول وبه چۆکداهاتنی دوژمنانی کورددا، له نێوکوانوی خه باتداوله شاره سه رسه ختته که ی هه لّه بجه ی بوکی کوردستان،هاتۆته دونیاوه،له بنه مالّه یه کی ناسراووزه حمه تکێش وخۆشه ویستی نێوخه لّکی هه لّه بجه .
کۆساروه ك هه ر هونه رمه ندێکی به هه لّه له دایك بووله م سارای کوردستانه دا، گیرۆده ی ده ستی بێ ره حمی ژیان بوو، کۆسار به وهونه ره به رزوکه م وێنه یه وه، که چی به ده ستی بێ نانی ونه داری وبێ جێ وریِێ یی یه وه ده ینالّاند، کۆساری هونه رمه ند، هه ستی گولّ ئاسای رِێ ی نه ده داخه مه ساده کانی هه لّبرِێژێت وگله یی له سیاچاره ی خۆی بکات .
هه ربۆ یه به هه لّوێستی هونه رمه ندانه ی خۆی، خه مه قورسه کانی له سینه یدامه لّاس ده داوپه نگی ده خوارده وه، تاله ورِۆژه رِه شه دا، کۆساری دلّ پرِ ئومێدوهونه رله ساتێکی چاوه رِوان نه کراودا، به مه رگی خۆی ده وروبه ری خۆی وشاره که ی و هونه ر مه ندانی گه له که ی وپارته که ی سه رسام کرد، هه والّی خۆکوشتنی کۆسار جێ ی برِوانه بوو، تاجه سته ی له خوێن هه لّکێشاوی بینرا، که س نه یده وت کۆستی واکه وتۆته وه، کۆسار هونه رمه ندانه ژیاو هونه رمه ندانه کۆچی کردوخۆکوشتن له ژیانی هونه ر مه ندان و شاعیراندا زۆر جار لوتکه ی هه لّوێست ده ربرِینه به رامبه ربێ مانایی ژیان و نارِه وایی وزولّم وسته م .
به رِاگه یاندنی ئه و هه والّه دلّ ته زێنه، مه کته بی سه رۆك بارزانی به بروسکه یه هاوخه می خۆی بۆ بنه مالّه وکه س وکاروهه ڤالّانی ده ربرِی .
هه ڤالّانی شه هید وهونه ر مه ندان ولقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان ورِاگه یاند نه تێکۆشه ره که ی زۆر به وه فاو ئه مه که وه، پر سه و چله ی پرِشکۆی شه هاده تی کۆساریان سازداله چله ی شه هید دا، شاری سلێمانی به خه مێکی گه وره وه بۆئه و رِۆلّه به هره مه نده ی خۆی گر یا وکۆستی گێرِا، به ده یان شاعیروهونه ر مه ندله ده رونه وه بۆ کۆساریان لاوانده وه،به هه زاران که س بوونه هاوخه می بنه مالّه به رِێزه که ی، حیز ب و لا یه نه کان وسه رجه م له پر سه و چله یدائاماده بوون و هاوخه می خۆیان به پارتی و بنه مالّه که ی رِاگه یاند .
کۆساروشاکاره هونه رییه کانی،،،،،،،
کۆساری به ته مه ن مندالّ و به هونه ر گه وره و کاملّ، به قۆناغێکی به رزده ستی به ئه فراندن کرد، ئه وه ی شاکاره کانی دیتبێ وخۆی له نزیکه وه ناسیبێ و له به رانی باریك وده ست وپه نجه ی وردو سیمای مندالّ ئاسای رِوانیبێ، برِوای نه ده کرد ئه و کاره گه ورانه به ومندالّه تازه پێ گه یشتووه به ر هه م هاتبێ، له هه مووقۆناغه کانی خوێندنی په یمانگای هونه ره جوانه کاندا، کۆسارهه مووسالّێك به کاری نوێ وداهێنانی شیر ین و به رزونوێکار به شداری ده کرد،به ر هه مه کانی کۆسار له پێشانگایه کی سالّانه ی سلێمانیداسه رنجی هونه رمه ندانی ناوداروهونه ر دۆستانی رِاکێشا، عاشقانی هونه رله کۆسار دائاینده یه کی هونه ری

پرئومێدیان بە دی دە کر، کۆسار هێشتا قوتابی پە یمانگابووکە کارە هونە ر یە کانی گە یشتە ئە و ئاستە ی گۆڕە پان وخیابانە گە ورە کانی شاری سلێمانی وجێیە کانی دیکە بڕازێنێتە وە .
کۆساری هونە ر مە ندوپارتی پە روە ری،،،،،،،،،،،،،،،،،
کۆساری جوانە مە رگ پێشتر یش لە بنە ماڵە یە کی پارتی پە روە رو شۆڕشگێڕدا گە ورە ببوو، عە شقی پارتی وبارزانی، کوردایە تی پێ ناساندبوو، هە ر بۆیە لە گە ڵ سە ر هە ڵدان وکڵپە ی مە شخە ڵی ڕاپە ڕیندا، کە دە ر فە تێکی دیکە و ئازادانە بۆهو نە ر مە ندی کورد هاتە دی کۆسار بە شە وق وئومێد ێکی پڕشنگدارترە وە قۆڵی لێ هە ڵ ماڵی وهە ر زووش ڕێگای خە باتی خۆی هە ڵبژاردو سوێندی بە هونە رە کە ی بۆ ڕێبازە کە ی بارزانی نە مر خواردولە ڕێی دە زگای ڕاگە یاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانە وە هونە رە بە رزە کە ی خۆی خستە خزمە تی پارتی وڕێبازی ڕاستە قینە ی کوردایە تییە وە، کۆسار زۆر جار بە شاناز ییە وە دە یووت،گە ورە بوونی خۆم و هونە رە کە م ئە و ساتانە دە بینم و هە ستی پێ دە کە م، کە خزمە تێك بە کاروانی خە باتی ئە و پارتە بگە یە نم کە یە کە مین وانە ی کوردایە تی بە گە لی کورد و تووە تە وە یە کە م بە یداغی شۆڕش ویاخی بوونی لە بن دە ستی و چە وساندنە وە هە ڵگر ت.
کۆساردە یووت، هە ست بە گە ورە بوونی خۆم دە کە م کە پە یکە ری سە رکردە ی نە تە وە کە م بارزانی نە مر دە نە خشێنم، ئە وساتانە هە ست دە کە م وە ك هونە ر مە ند ێك خاوە نی مە سە لە یە کی گە ورە م، خاوە نی مە سە لە یە کم کە نیوسە دە یە خوێن وفرمێسکی بۆ دە ڕێژرێ .
کۆسار هە میشە مە سە لە ی پڕ بە های شۆڕشگێڕانە وپیرۆزی هە ڵدە بژارد بۆ کارە هونە ریە کانی، کە لە هە موو دیمانە ڕۆژ نامە یی و تە لە فز یۆنییە کاندا دووبارە ی دە کردە وە کە بیرۆکە ی کۆمە ڵێ کاری هونە ری بە رزوپڕۆژە ی نوێکاری گە ورە ی لە مێشکدایە وهە میشە خە مخۆری داهێنان و هونە ری نوێ بوو، خوازیاری هونە رێکی ڕە سە ن و هاوچە رخ بوو کە شایانی ئە وە بێت وە ك ناسنامە یە کی هونە ر دۆستی کوردنیشان دونیای دە رە وە بدرێت .
کۆسار بێجگە لە پە یکە ر تاشین شێوە کارێکی دە ست ڕەگین بوو بە دە یان پۆستە ری دانسقە لە پێشانگاجۆراوجۆرە کاندابە شداری وڕۆڵی دیاری هە بوو .
لە قریشکە ی خۆ رێکی ڕووزە ردی دە مە وئێوارە داشە پۆلی ئازارە کانی هونە ر مە ندێك سنگی بە تە ڵا شە بە ردی لوتکە چیای کوردستانداکێشاونێرگزی عە شق وبڵندی کازێوە دایە شە قە ی باڵ بە ئاسمانی سلێمانیدا دە هات ودە چوو، مە رگ وە یشوومە ی لە گە ردنی ئاڵابوو بە ر چاوی تاریك بوو، کاکە کۆماری هە ڵپێچابوو،،،تفە نگە کە،،،،تفە نگە کە،،،،تفە نگە کە،،،هێندە ی چاوتروکاندنێك هێندە ی سە مای فلچە ی سە ر تابلۆیە ك بە گومە زە ی ئاسمان وزە وی دابێ ئۆقرە ی هات وهوتی بێ هاوارو بە بێ دە نگی بە پێ پلیکانە ی ماڵە ڕووتە کە دا سە رکهوت،،،سە رکە وت زە نگی بیرچونە وە ویادوبیرە وە ری خستە نێوئە ڵقە ی پە لە پیتکە ی تفە نگە کە وهێندە ی نە برد بووە فرمێسکی سلێمانی و گوڵان منداڵ وپیر ئە وە ی بە مێشکی مرۆڤدانە دە هات ئە و ساتە بوو هە واڵی مە رگە ساتی کاکە کۆسار لە گوێ ی گشت خاوە ن هە ڵوێستێکادە زرنگایە وە ولافاوی خوێن لە گە ڵ فرمێسکی کاکە کۆماردالە نێو باوە شی گە رمی هاوە ڵ وکە س ووکاردا هێندە ی چرکە یە ك نە یتوانی بدوێ ولە ڕێدا ڕۆحی کرە بە رگی ڕە ش وسۆزی ئازارێکی نە ك تە نهانزیکترین کە س بە ڵکو بۆ هە مووکوردستان کردە زایە ڵە ی عە

شقێکی تینوو بۆگه یشتن به حه قیقه ت،،،،،،،، ماڵئاوائازیز گیان،،،، ماڵئاواهه ڤاڵ،،، بۆ ماڵئاوایت کردله کوردستان؟

کۆسار دوای به ئه نجام گه یاندنی په یکه ری بارزانی وکاکه ئیدریسی جوانه مه رگ به ماوه یه ك له ساڵی 20 / 5 / 1993 داخۆی کوشت له ماڵی خۆیاندا،،،، له وه ده تر ساجارێکی تر بارزانی له وێدابڕ مێنێ وبسو تێنرێ ئه گه ر ئه وه یش ڕووی بدایه شێت ده بوو ئه که وته شه قام و کۆڵانه کانی شاره وه هه ر بۆ یه ویستی به ده ستی خۆی شه هید بکرێ پێش شه هید کردنی په یکه ره کانی .

له کۆتایدا ده ڵێم هه زاران چه پکه گوڵی بۆن خۆش بۆ مه زاری پیرۆزت و هه زاران سڵاوله گیانی جه سته ی شه ته ك وماندووت و گشت شه هیدانی ڕێگای ڕزگاری و سه رفرازی کوردستان .